# ئەو ساتانەی منداڵانی کوردستان وەک گەورە فەیلەسوفان بیردەکەنەوە!

ماتهیۆ لیپمەن، داهێنەری ڕێبازی فەلسەفە بۆ منداڵان، دەڵێت:
«فەلسەفە بۆ منداڵان، فەلسەفەیەکی تایبەت نیە، تەنانەت فەلسەفەی پێداگۆگیش نیە. بەڵکو، هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ تێرکردنی حەزی پرسیارکردن و ڕامانی منداڵان و ڕاهێنانیان بە دیدی فرە ڕەهەندی».



Matthew Lipman

ئامانجی ئەم ڕێبازە ئەوە نیە منداڵان بکات بە فەیلەسووف، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی منداڵ بە ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی خودی خۆی. ئاخر هیگڵ واتەنی «کاتێک کە بیر دەکەینەوە، واز لە بوونە خۆپەرستە گچکەکەی خۆمان دەهێنین و ڕێگە بە بیر دەدەین، ڕێچکە ئاساییە سروشتیەکەی خۆی بگرێت».



Hegel

محەمەد ئیبراهیم، تەمەن 10 ساڵ، پۆلی چوار لە فێرگەی بازاڕگە لە مەخموور، پایزی 2009 ، پێیگوتم:
« لە مەخموور دەرێن، تۆرە بە تۆرە، قازانجی زۆرە، ئەمن دەرێم، تۆرە بە لێبووردن قازانجی زۆرترە».


فێرگەی بازاڕگە، مەخموور، ساڵی 2009

بە بڕوای هابەرماس، مرۆڤ لە سێ جیهانی دانوساندنی جیاوازدا دەژی و بە سێ ئاستی جیاواز دەپەیڤێ.
ئەم سێ جیهانە جیاوازە، کۆمەڵە مەرج و ڕێسای خۆی بۆ ڕەوایەتی و قبووڵکردن هەیە، کە مرۆڤ لە کاتی دانوساننددا پەیڕەویان دەکات.
جیهانی بابەتی (ئۆبجێکتیف)، یان جیهانی دەرەوەی من، جیهانێکە، بابەتە دەرەکییەکان بەرجەستەی دەکەن. جیهانی ماتریاڵی و فاکتەکانە. مرۆڤ لەکاتی دانوساننددا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی و ڕاستی و ناڕاستی بەڵگەکان (ئەرگومێنتەکان)، دەتوانێت ئاماژەیان بۆ بکات.
جیهانی (سۆشیاڵ) کۆمەڵایەتی، یان جیهانی دەرەوەی من (جیهانی ئێمە) جیهانێکە، بەها و ڕێسا ڕەوشتیەکان (نۆرمەکان) بەرجەستەی دەکەن. ئەم جیهانە لە زنجیرە دانوساندن و پەیوەندییەکی مرۆیی پێکهاتووە، کە مرۆڤ هەردەم، بۆ ڕەواییدان بە بەها و نۆرم، ئاماژەیان بۆ دەکات.
جیهانی (سۆبجێکتی) خودی، یان جیهانی من، جیهانێکە بۆچوونی تاکەکەسی، حەز، ویست، هەست و سۆز و بڕوای تاکەکەسی بەرجەستەی دەکات. بۆ ڕەواییدان بە تێڕوانینە تاکەکەسییەکان، ئەم جیهانە ئەزموونە خودییەکان دەکات بە پێوەر.



Habermas

هێڤین بایز، تەمەن 11 ساڵ، پۆلی پێنج (ساڵی 2010) لە فێرگەی بنەڕەتی لە گوندی دەڵاڵان بۆی نووسیوم:
« ئێمە لە خاک ڕا، هاتوین. هاتووین بۆ تەبایی و برایەتی و یەکسانی. دەچین بەرەو دنیای ژین، ژینی ئینسانی!»



پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، لە فێرگەی دەڵاڵان (نزیک قەزای ڕانیە) ساڵی 2011

له دیدی کانتدا، پەروەردە و فێرکردن، بنیاتنانی کەسایەتییەکە، کە بە بنەماکانی ئێتیک ڕاهێنرابێت. کەسایەتییەکە ڕێز لە یاسا ڕەوشتییەکان دەگرێت و هەستدەکات وەک ئەرک دەبێت پەیڕەوییان بکات. لە ڕوانگەی ئەم هەست و ئەرکە ڕەوشتییەوە، بە بڕوای کانت، کۆمەڵگەیەکی بەڕەوشت و چاک (!) بەرهەمدێت.



Kant

لارا جەعفەر، تەمەن 11 ساڵ، پۆلی پێنج، لە فێرگەی دەلالان ، بۆی نووسیوم: « بە بڕوای خۆم، من لە دایک و باوکمەوە هاتووم. بۆ ژیان هاتووم، لە کۆتاییشدا دەگەڕێمەوە بۆ باوەشی سروشت».



لارا جەعفەر

به بڕوای هیگڵ، گرنگییەکی تایبەت لە نێوان وێنا و بیردا هەیە. دەکرێ بگوترێت، کە ئەرکی فەلسەفە، جگە لە گۆڕینی وێنا (وێناکردن) بۆ بیر (بیرکردنەوە) چی دیکە نیە.

لەنیا ئیبراهیم تەمەن 11 ساڵ لە پۆلی پێنج، فێرگەی دەلالان، بۆی نووسیوم:
« ئێمەی مرۆڤ بەردەوام بیردەکەینەوە لە ڕووداو و شتەکانی دەوروبەرمان، بۆ بەردەوامبوونی ژیان و مرۆڤایەتی.
منیش وەک لەنیا بەردەوام شیکردنەوە بۆ شتەکانی دەوروبەرم دەکەم بۆیە ناتوانم حوکم بەسەر خۆمدا بدەم ئایا بیر لەچی دەکەمەوە؟!»



لەنیا ئیبراهیم

سارتەر بڕوای وایە، نیگەرانی شێوازێکە بۆ دەرککردنی سەربەستی و هەستکردن بە بوون.



Jan Paul Sartra

بەهمەن عوبێد، پۆلی پێنجەم، لە فێرگەی «قەڵای دمدم» (فێرگەی ژێر چادر) لە کەرکووک، بۆی نووسیوم:
« بە بڕوای من گەر پرسیارکردن نەبوایە، ژیان ئاڵۆزتر دەبوو؛ چونکە هەتا بپرسین شتی زیاتر فێر دەبین. گەر پرسیارکردن نەبوایە فێری هیچ نەدەبووین.»

فەیلەسووف، پیتەر ویسێل زاپفە، دەڵێت:
« ئەوە لە سروشتی مرۆڤدایە کە بەدوای ماناداعەڤداڵ بێت، دیڤچوون بە دووی مانا، خەسڵەتی مرۆڤانەیە.»


Peter Wessel Zaffe

فەلسەفە، کردەی لێکحاڵیبوونە. دیالۆگی فەلسەفیانە دەرفەتی ئەوە بە منداڵ و تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات، تا باشتر لێکحاڵیبن. بە واتایەکی دیکە، دیالۆگی فەلسەفی، جڤاتی ڕامانی، ساز دەکات. گەر گشت کۆمەڵگەکان، جڤاتی ڕامانی بن، ئیدی یەکدی قبووڵکردن و لێکحاڵیبوون لە جیهاندا ئاسنتر و مامەڵەکردنیش ڕەوایانەتر دەبێت.

کە من خۆم بە فەلسەفە بۆ مندااڵنەوە خەریک کرد، لەو بڕوایەوە بوو، کە تێڕوانین و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە Critical Thinking پەیوەندی بەوەوە نیە، کە دەبێت مرۆڤ خۆی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە بابەتە ترادیشیۆنەکانی فەلسەفەوە، خەریک بکات. بەڵکوو دەبێت بە شێوازی ڕەخنەگرتن، بیرکردنەو و هەڵسەنگاندن، ئاشنا بێت و فێر بکرێت. بەکورتی، تێڕوانینی ڕەخنەیی، منداڵ هۆشیار دەکات و بیرکردنەوەی فەلسەفی، ئاسۆی بیری فرەوان دەکات.

کەریم مستەفا

پێشەکی کتێبی (( فەلسەفە بۆ مندااڵن )) بەهاری، 2011